# هەڵوێست

مستۆ
June 12, 1986

با چرپە ناسکەکانیشت
جاران ئاسا..
ختووکەی پەردەی گوێم نەدەن
ئێستاش لە ناخی دەنگت
هاواری عیشق و ئەوینەو
بەستەی زوڵاڵی خۆی دەچڕێ
دڵنیام لەوەی جارێکی تر
سیمای نامۆو شێواوم
دەستەملانی دیدارێکی ترت نابێ
بەڵام کە تۆ گلێنەی چاوەکانم بوویت
ئێستاش سۆمام
وێنە کێشێکی خۆڕاگرەو
جگە لە وێنەی باڵاکەت
خەتێکی تر چیە نایکێشێ

جاران بەفرمێسکەکانت
دەیان ملوانکەی دووریت دەهۆنیەوە
بە گەردنی یادەکانتا دەکردن
دەتویست لە تابلۆی
گریان و یادو خەونی ئاڵۆزا
وێنەی سووتانی خۆی تیا ببینێ
بەڵام تەنیا
چاوەکانت ئازار ئەداو
ئا ئەو هەموو خۆ خواردنەوەت
تۆزی تاسەی نەدەشکاندی.